گۆڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٢ ژ.٤، ٢٠٢٣
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v12n4a1580

# هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی

پ.ی.د. شاری خالد معوف نانەکەلی، بەشی یاسا، فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان– عێراق
رسول حسن رسول، بەشی یاسا، فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران ، هەرێمی کوردستان– عێراق

**پوختە**

ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی کە جیهان لە بوارە جیاجیاکاندا شاهیدی بووە، بەتایبەتی سەرهەڵدانی شۆڕشی زەبەلاحی تەکنەلۆژی،کە جیهانی کردە گوندێکی بچووک،ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە سەرهەڵدانی چەمک و دیاردەی نوێدا کە جیهان نەیدەزانی پێش،و دیارترینی ئەم دیاردانەیە ئەوەیە کە ئێستا پێی دەوترێت تیرۆری ئەلیکترۆنی وەک جۆرێکی نوێی تیرۆری تەقلیدی،کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی مۆدێرن بۆ ئامانجی سیاسی بە بڵاوکردنەوەی ترس و تیرۆر،بۆیە،تیرۆری ئەلیکترۆنی بریتییە لە خاچ- تاوانی سنووری و مەترسیدار لە هەمان کاتدا کە کاریگەری لەسەر ئاسایش و سەقامگیری وڵاتان،بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو،کە زۆر پشت بە تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی لە زۆربەی بوارەکاندا دەبەستن.

**ووشە کلیلیەکان:** تیرۆری ئەلیکترۆنی،ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی،بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر،کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان،شۆڕشی تەکنەلۆژی.

## 1.پێشەکی

تیرۆر یەکێکە لەو تاوانانەی کە بەدرێژایی مێژووەوە مرۆڤایەتی بەدەستیەوە ناڵاندوویەتی وبۆتە مایەی ئازار وماڵوێرانیەکی زۆر بۆی، لەگەڵ هاتنی سەدەی نوێ و ئەو گەشەکردن و پێشکەوتنەی زانست و تەکنەلۆژیایەی جیهان بەخۆیەوە بینی، کە دەرئەنجام شۆرشێکی زانیاری گەورە هاتە کایەوە کە زۆربەی زۆری لایەنەکانی ژیانی گرتەوە، ئەنجامەکەی بریتی بوو لە سەرهەڵدانی کۆمەڵێك تاوانی تازەکە کە دیارترینیان و مەترسیدارترینیان تاوانی تیرۆری ئەلیکترۆنی بووi، دیاردەی تیرۆری ئەلکترۆنی یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی شۆرشی تەکنەلۆژیا بوو کەلەسەدەی بیستدا هاتنە کایەوە و بوو بەهەرەشەیەکی ئەمنی نوێ بۆ وڵاتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە خۆی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لەلایەن گروپە تیرۆریستیەکانەوە دەبینێتەوە بۆئەنجامدانی هێرشی تیرۆرستی بۆ بلاوکردنەوەی ترس وتۆقاندن و تجنیدکردن و دابینکردنی سەرچاوەکانی داهاتی دارایی بۆ گروپەکانیان بەبێ گوێ دانە سنورەکانی نێوان وڵاتانii،لە ئەمڕۆدا تەکنەلۆژیای نوێ وێرانکەرترین چەکێکەکە تیرۆریستان بتوانن بەکاری بهێنن بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆرستی و مەترسی دروستکردن بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیiii.

### 1-1 گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوە خۆی لە هەڵبژاردنی یەکێك لە دیاردە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان وبگرە ئایدۆلۆژیەکانیش دەبینێتەوە کە ئەویش دیاردەی تیرۆری ئەلکترۆنیە، کە لە ئێستادا بۆتە جێگای باس وگرنگی وتوێژینەوەی بەشێکی زۆری یاساناس وشارەزاکان ئەویش بە هۆی ئەو هەڕەشە ومەترسیانەی کە دروستی کردوە لەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیان، چ لەسەر ئاستی کەسەکان وە یان لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەولەتیەوە.

گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە خۆی لە کەمی توێژینەوە لەسەر بابەتی تیرۆری ئەلکترۆنی بە زمانی کوردی دەبینێتەوە کە لەچەندین گۆشە نیگای جیاوازەوە باسی دیاردەی تیرۆری ئەلکترۆنی دەکات، چ وەك دیاردەیەکی تاوانکاری خاوەن خاسیەتێکی توندوتیژی، وەیان وەك کۆمەڵێك فاکتەرو هۆکاری سەرەکین بۆهاندان بۆ کاری تیرۆریستی بە هەموو جۆرەکانیەوە.

### 2-1 گرفتی توێژینەوە

گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە زیادبوون و فراوانبوونی دیاردەی تیرۆری ئەلکترۆنی دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەو کاریگەریە نەرێنیانەی کەوا دروستی دەکات لەسەر کۆمەڵگاکان و نەتەوەکان بەشێوەیەك کە بۆتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی زانیاریەکان لە هەموو بوارەکان لەلایەك وە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتی وئاسایشی نێودەوڵەتی و لەلایەکی ترەوە، جیاوازی هەوڵە نێودەولەتیەکان لە بواری بەرەنگاربونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی بۆتە مایەی دروستبوونی گرفتێکی یاسایی لە ئەنجامی جیاوازی دەقە یاساییەکانی تایبەت بەتیرۆری ئەلکترۆنی لەلایەن ولاتانەوە و گشتگیرنەبوونی هەوڵ و میکانزمەکانی بەرەنگاربونەوەی ئەو دیاردەیە لەسەر ئاستی نێودەولەتیدا،

### 3-1 میتۆدی توێژینەوە

توێژەر لەم توێژینەوە پشتی بە هەریەکە لە میتۆدی شیکاری وبەراووردکاری بەستووە، میتۆدی شیکاری بۆشیکردنەوەی دەقە یاساییەکانی یاساکانی بەرەنگاربونەوەی تیرۆری وولاتان و بەڵگەنامەکانی ناو پەیماننامە و کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان بە پشت بەستن بە ڕای زانایانی ئەم بوارە ئەویش بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو توێژینەوەیە، میتۆدی بەراوودکاریش بۆ بەراووردکردنی نێوان یاسا هەمەجۆرەکانی بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی و بەراووردکردنی دەقە یاساییەکانی تایبەت بە تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی.

### 4-1 گریمانەو پرسیاری توێژینەوە

گریمانەکانی ئەو توێژینەوەیە خۆی لە نەبوونی دەقێکی یاسایی تایبەت و ڕوون بە تاوانەکانی تیرۆری ئەلکترۆنی دەبینێتەوە، هەروەها نەبوونی یاسای گونجاو تایبەت بەو جۆرە تاوانانە وە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کەئایا تیرۆری ئەلکترۆنی چیە و هەوڵەکانی بەرەنگاربونەوەی ئەم دیاردە مەترسیدارە لە چ ئاستێکدان ؟

### 5-1 چوارچێوەی توێژینەوە

بەوپێیەی کە تیرۆری ئەلکترۆنی بە یەکێك لە تاوانە نوێیەکان هەژمار دەکرێت بۆیە چوارچێوەی توێژینەوەکەمان لە ڕووی کاتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو وە لەڕووی بابەتیەوە، تیرۆری ئەلکترۆنی لە ئێستادا بۆتە دیاردەیەکی نێودەوڵەتی وهەموو جیهانی گرتۆتەوە بە شێوەیەك کە کاریگەریەکانی ئەم دیاردەیە لە چەندین لایەنەوە کاریگەری لەسەر وڵاتان دروست کردوە وە بۆتە مایەی نیگەرانی بۆ دەزگاکان وریکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بۆیە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەمان بەشێوەیەك فراوان بووە کە بتوانێ سەجەم ڕەهەندەکانی ئەم دیاردە نێودەوڵەتیە بگرێتە خۆی.

### 6-1 پلانی توێژینەوە

پلانی نوسینی ئەم توێژینەوەمان بریتیە لە دابەش کردنی بۆ سەر دوو بەش بەو شێوەی خوارەوە، کەتێدا لەبەشی یەکەم تیشك دەخەینە سەر سروشتی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی کە خۆی لە پێناسەکردنی تاوانی تیرۆر بەگشتی وتیرۆری ئەلکترۆنی دەبینێتەوە، لەگەڵ جۆرەکانی تیرۆر، پاشان لەبەشی دووەم باس لە خاسیەتەکانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی دەکەین لەگەڵ جیاکردنەوەی لە تاوانە هاوشێوەکانی تر.

لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوە باس لە هەوڵەکانی بەرەنگاربونەوەی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی دەکەین، کە تێدا لە تیشك دەخەینە سەر هەوڵەکانی بەرەنگاربونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی لەسەر ئاستی وولاتان ولەسەر ئاستی ریمخراوە نێودەوڵەتیەکان.

## 2-چوارچێوەی تێگەیی تیرۆری ئەلکترۆنی

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری وبوارەکانی پەیوەندیکردن وایکرد سەردەمی ئێستا بەسەردەمی شۆرشی زانیاری بناسرێت، بە ڕادەیەك کۆمپیوتەر وئنترنێت لە بەرێوەبردنی کاروباری وڵات بە تایبەت لە حکومەتە ئەلکترۆنیەکان وبازرگانی ئەلکترۆنیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاربێت، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێ لە تیرۆر کە بە (تیرۆری ئەلکترۆنی) ناسراوە، ئەوجۆرە تیرۆرەی بەراورد بەتیرۆری ئاسایی زۆر مەترسیدارتر وکاریگەرترە[iv].

### 1-2 سروشتی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی

بڵاوبوونەوەی دیاردەی تیرۆری ئەلکترۆنی بەو شێوە خێرایە لەسەر ئاستی جیهان هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ بە ئاراستە رۆیشتنی ئەو دیاردەیە بەرەو توندوتیژی تا گەیشتە ئەوەی ببێتە هۆی خۆڵقاندنی بارودۆخێکی دەروونی مەترسیدار بۆ هاووڵاتیان کە پڕبێت لە ترس وتۆقاندن لە هەمان کاتیش بووە مایەی هەڕەشەیەکی جددی بۆسەرئاسایش وسیستەمی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وکەلتووری وڵاتان[v].

#### 1-1-2 پێناسەی تیرۆری ئەلکترۆنی

بەو پێیەی کە تیرۆری ئەلکترۆنی بەیەکێك لە جۆرەکانی تیرۆر بە گشتی دادەنرێت، بۆیە بەر لەوەی بچینە سەر پێناسەکردنی تیرۆری ئەلکترۆنی پێویست بوو کە پێناسەیەکی تیرۆری ئاسایی بکەین بەو شێوەی خوارەوە:

#### 1-1-1-2 پێناسەی تیرۆری ئاسایی

یەك لە دیارترین بابەتەکانی سەرگۆرەپانی نێودەوڵەتی کە زۆرترین مشتومڕی لەسەرکراوە، بریتیە لە دیاریکردنی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ دیاردەی تاوانی تیرۆرە، کە لەوانەیە هۆکارەکەشی بۆ ئاڵۆزی بیرۆکەی تیرۆر وزۆری شێوازەکان ودیاردەکان وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە بگەرێتەوە لە لایەك، وە لەلایەکی تر بۆ جیاوازی بیرووبۆچوونە نێودەوڵەتی وسیاسیەکان بگەرێتەوە[vi].

**یەکەم: پێناسەی تیرۆر لە ڕووی زاراوەییەوە**

بەگشتی دەستەواژەی تیرۆری ئەلکترۆنی (cyber terrorism) لە دوو ووشە پێك هاتووە کە (cyber) بەواتای ئینترنێت و وە(terrorism)بە واتای تیرۆر دێت[vii]، هەروەها وشەی تیرۆر لە ئەدەبیات وزمانی زۆریەی میللەتانەکان ناوی هاتووە کە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە هیچ کام لەو میللەتانە بەدوور نەبوون لەماڵوێرانیەکانی تیرۆر، لەزمانی کوردی وشەی تیرۆر بە واتای ترس و تۆقاندن یان رێپدان هاتوە[viii]، لەزمانی عەرەبیش ترس وتۆقاندن چەند وشەیەکن لە فەرهەنگە کۆنەکاندا هاتوە هەرچەندە ئەو فەرهەنگانە باسیان لە ووشەی تیرۆر (الارهاب) نەکردووە و پێناسەیان نەکردووە[ix]، بەڵام لە ئێستادا بەشێك لە فەرهەنگە عەرەبیە نوێیەکان باس لەوە دەکەن وشەی تیرۆر (الارهاب) لە فرمانی(رهب) وەرگیراوە [x].

کەواتە وشەی تیرۆر (الارهاب) وشەیەکی نوێیە لە فرمانی (رهب) وەرگیراوە کە بە واتای ترسان لە شتێکەوە دێت، لەبەرامبەردا وشەی (الارهابیون) بەکارهاتوە بۆ وەسفکردنی ئەو کەسانەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان پشت بە ترس و تۆقاندن و تیرۆر دەبەستن [xi]، بەگەرانەوە بۆ قورئانی پیرۆزیش، دەبینین ووشەی (الرهبة) کە بەمانای ترس دێت لە (12) شوین و بۆنەی جیاوازدا هاتووە، وەدەبینین کە ئەو ووشەیە لە ژمارەیك ئایەت بەواتای ترسی بەندەکان دێت لەسزای خوداوەند (يابني اسرائيل اذكروا نعمتي التي انعمت عليكم و اوفوا بعهدي أوف بعهدكم و اياي فارهبون) [xii]، یان (وقال الله لا تتخذوا الهين اثنين، انما هو اله واحد فإياى فارهبون) [xiii]، هەروەها هاتوە (فاستجبنا له ووهبنا له يحيى واصلحنا له زوجه انهم كانوا يسارعون فى الخيرات ويدعوننا رغبا ورهبا وكانوا لنا خاشعين) [xiv]، کەواتە تیرۆر بە گشتی بریتیە لە کردەوەی توندوتیژی کە لەوانەیە بکاتە حاڵەتێك لە ترس و دڵەوراوکێ و تۆقاندن[xv].

**دووەم: پێناسەی تیرۆر لەڕووی چەمکەوە**

تیرۆر چەمکێکی ڕێژەییە بەو پێیەی هیچ جۆرە پێناسەیەکی گشتگیری بۆ نەکراوە، هەرئەمەش وایکردوە یەکێك لەلایەنە قورسەکانی خوێندنی دیاردەی تیرۆر بریتیە لە دیاریکردنی پێناسەیەکی دیاریکراو و یەکگرتوو بۆ ئەو دیاردەیە، نەگەیشتن بە پێناسەیەکی دیاریکراو هۆکاری زۆری لەپشتە بەڵام گرنگترینیان دەتوانین بڵێن پەیوەندی بە پێشکەوتن وگەشەی بەردەوامی ئەو دیاردەوە هەیە کە

ئەممەش وایکردوە گەیشتن بەپێناسەیەکی یەکگرتوو کاریکی ئاستەم بێت لەئێستادا[xvi]، (والترلایکور) پسپۆر لە بواری تیرۆر و سەرۆکی ئەنجومەنی توێژینەوەی نێودەوڵەتی لە سەنتەری توێژینەوەی نێودەوڵەتی ستراتیژی ئەویش پاڵپشتی هەمان ئاراستەی سەرەوەی کردووە کاتێك دەڵێت، هەتا ئەگەر پێناسەیەکی بابەتیانەش بۆ تیرۆر دۆزرایەوە کە سەرجەم لایەنەکان و خەسڵەتە گرنگەکانی دیاری بکات کە ئەوە هێشتا ئەو پێناسەیە لای کەسانی ترەوە ڕەت دەکرێتەوە ئەویش بە هۆی جیاوازی ئایدۆلۆژیانەوە، ڕاوێژکاری یاسایی لێژنەی خاچی سوری نێودەوڵەتی (هانتریپتر) بوو کە پێناسەی تیرۆری کرد، بەوەی برتیە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەنگۆڕانکاری هەمەجۆر هەر بۆیەش ناکرێت پێناسەیەکی زانستی بۆ تیرۆر دابنێن، ناوبراو پێی وایە هیچ پێویست بە دانانی پێناسە بۆ تیرۆر ناکات چونکە تیرۆر لەکاتی ڕوودانیدا مرۆڤ دەتوانێ ببینێت، بە لای ناوبراو دیاریکردنی هۆکارەکانی تیرۆر لە پێناسەکردنی گرینگترە[xvii]

**2-1-2 پێناسەی تیرۆری ئەلکترۆنی وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، ئەم بەشەی توێژینەوەمان دابەشی سەر سەر دوو بڕگەی سەرەکی دەکەین، بەو شێوەی خوارەوە:

**1-2-1-2 پێناسەی تیرۆری ئەلکترۆنی**

بەو پێیەی دیاردەی تیرۆری ئەلکترۆنی دیاردەیەکی نوێیە وەدەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێکی ڕابردوو هەر بۆیە نەتوانراوە تا ئێستا پێناسەیەکی تەواو یەکگرتوو بۆ ئەو دیاردەیە دابنرێت، شارەزایانی بواری تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی بە دیدی خۆیان تیرۆری ئەلکترۆنی بەواتای ترساندن وهێرشکردنەسەر بە شێوەیەکی ماددی ومعنوی بۆ سەر وڵاتان وکەسەکان وکۆمەڵەکان دێت، ئەم هێرشانە بە مەبەستی ئاینی وماددی دەبێت وە ئەنجامدانەکەشی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە دەبێت[xviii].

ڕۆژئاواییەکان یەکەم کەس بوون کە ئەو جۆرە تیرۆرەیان زانی، باری کۆلن(Barry Colin) یەکەم کەس بوو کە دەستەواژەی تیرۆری ئەلکترۆنی بەکارهێنا ئەویش لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بوو[xix]، ناوبراو سەرەڕای ئەوەی ئاماژەی بە قورسی دیاریکردنی پێناسەیەك بۆ تیرۆری ئەلکترۆنی کرد بەڵام دەرئەنجام پێناسەیەکی تیرۆری ئەلکترۆنی کرد کە هێرشێکی ئەلکترۆنیە ئامانج لێی هەرەشەکردن لە حکومەتەکان و دوژمنکاری لەسەریان بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی و ئاینی و ئایدۆلۆژی وە هێرشەکە دەبێ وێرانکاری بێت هاوشێوەی زیانە ماددیەکانی تیرۆریێت[xx].

**2-2-1-2 هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆری ئەلکترۆنی**

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆری ئەلکترۆنی دابەشی سەر دوو کۆمەڵە بکەین، کە ئەوانیش هۆکارە گشتی وهۆکارە تایبەتەکانن، بەو شێوەی خوارەوە:

**1-2-2-1-2 هۆکارە گشتییەکان**

هۆکارە گشتییەکانی سەرهەڵدانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی هەمان هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆری ئاساییە، کە دەکرێ لەو چەند جۆرەی خوارەوە دیاریان بکەین:

**یەکەم: هۆکارە سیاسییەکان:**

هۆکارە سیاسیەکانی سەرهەڵدانی تیرۆری ئەلکترۆنی، دەکرێ لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دیاری بکرێن:

1- دەستەڵاتی سیاسی وڵاتێك زۆرجار لە لایەن کەسێك یان تاقمێکەوە بە ڕێگایەکی نادیموکراسی بەڕێوەدەبرێت ، کە دەرئەنجام بارودۆخێك لەو وڵاتە دەخوڵقێنێت کە دەبێتە مایەی نەبونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بە فیڕۆدانی سامان و داهاتی وڵات و بڵاوبونەوەی گەندەڵی، ئەمانە ئەبنە هۆی هەستکردنی هاوڵاتیان بە زوولم لێکردن، کە ئەممەش هەستی ڕق وکینەو تۆڵەسەندنەوە لە دەستەڵات لەلای هاوڵاتیانەوە دروست دەکات، کە زۆرجار بۆ ئەو مەبەستە پەنا بۆکاری توندوتیژی و تیرۆر دەبردرێت بۆگۆڕینی دەستەڵاتن[xxi] .

2- هەندێك ڕێکخراو و گروپی تیرۆریستی دروستکراوی دەستی وڵاتە زلهێزەکانن، کە زۆر کات وەکو کارتی فشار بە کاریاندەهێنن لە دژی وڵاتانی تر، بۆ نمونە ئەوەی ئەمریکا کردی لە ئەفغانستان لە ڕێگەی هاوکاری کردنی گروپێکی ئیسلامی توندڕەوی وەك (تاڵیبان) و پڕچەك کردنی، ئەویش بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان لە دژی هێزەکانی یەکێەتی سۆڤیەتی جاران لە کاتی داگیرکردنی ئەفغانستان، کە ئامانج لەو کارەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دانانی سنوورێك بوو بۆ پلانە فراوانخوازیەکانی بیری کۆمۆنستی لەو بەشەی جیهاندا[xxii].

3- لاوازی وبێتوانایی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتییە، کە توانای سزادان وەڵامدانەوەی ڕوون وئاشکرای لە دژی ئەو وڵات ولایەنانە نیە کە پێشێلی بەڵێننامە نیودەولەتیەکان دەکەن [xxiii].

**دووەم: هۆکارە ئابوریەکان**

گرنگترین هۆکارە ئابوریەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر دەکرێ لەم چەند خاڵەی خوارەوە کۆبکرێنەوە:

1- سەرهەڵدانی کێشەو تەنگەژەی ئابووری گەورە لە نێو کۆمەڵگا نێودەوڵەتیەکان وبردنی سەروەت وسامانی هەندێ وڵاتانی بچووك وبێهێز لە لایەن وڵاتانی زلهێزەوە هۆکاری بڵاوبوونەوەی هەژاری وبرسییەتی ونادادپەروەریە لە جیهاندا، کە ئەممەش وایکردووە کە هەندێ خەڵکی ئەو وڵاتانە پەنا بۆ توندوتیژی وتیرۆر ببەن بۆ مەبەستی تۆڵە سەندنەوە ولێدانی بەرژەوەندیەکانی وڵاتە داگیرکەرو تەماحکارەکان [xxiv].

2- بارودۆخی خراپی ئابووری هەندێ وڵاتی هەژار، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە ناو هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە، کە ئەممەش بارودۆخێکی خراپ لە بێئومێدی و نامتمانەیی دروستدەکات، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێکی دابڕاوی ڕق لە دڵ بەرامبەر بە کۆمەڵگا و بە وڵاتی خۆیان بە هۆی هەستکردنیان بە زوڵم و نایەکسانی، کە ئەممەش چەندین گرفتی ئابووری دروستدەکات[xxv]، لە ئەنجام لەلایەن ئەو کۆمەڵانەوە پەنا دەبردرێتە بەر کاری توندوتیژی و تیرۆرستی بۆ دابینکردنی پێویستیە ئابوریەکانیان، هەروەها زۆر جاریش ئەو کەسە ناڕازیانە لەلایەن گروپە تیرۆریستیەکانەوە بە کاردەهێنرێن بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی[xxvi].

**سێیەم: هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان**

هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێ لەو چەند خاڵەی خوارەوە کۆبکرێنەوە:

1- ئاشكرایە تاوان بە گشتی بریتییە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە وانەیە لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارو فاکتەری کۆمەڵایەتیەوە دروست بێت، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسەکان بە گشتی لەسەر هەڵسوکەوت کەسایەتی ئەو تاکانە بە تایبەتی دەبێت، بۆیە خێزان فاکتەرێکی تری کۆمەڵایەتییە بۆ سەرهەڵدانی بیری توندو تیژی وتیرۆر، وئاراستەکردنی تاکەکان بۆ تیرۆر وتوندرەوی، بۆنمونە لاوازی ئاستی خوێندەواری ونەبوونی دامودەزگای فیرکاری پێویست وەك قوتابخانە وپەرتوکخانەی گشتی یاخود جۆری ئەو پەرتووکانەی کەوا پەرتوکخانەکان دەیخەنە بەردەستی خوینەرەکانیان، کاریگەریان دەبیت لەسەر دروستکردنی بیری توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگا [xxvii].

2- نزمی ئاستی داهاتی تاك وخراپی باری ئابووری هاوڵاتیان بە گشتی یاخود چینێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگا بەتایبەتی، هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی بیری توندرەوی وتیرۆر، کە دەرئەنجام کەسانێکی ڕووخاو وبێئومید دێننەکایەوە کە خاوەن ڕق وقینە وهەستی تۆڵە سەندنەوەن لە کۆمەڵگا ودەستەڵات، کە زۆرجار ئەو جۆرە کەسانە دەبنە نێچیرێکی ئاسانی گروپە تیرۆریستیەکان بۆ ڕێکخستنیان وبەکارهێنانیان لە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی [xxviii].

3- هۆکارێکی تری کۆمەڵایەتی دروستبوونی بیری توندوتیژی وتیرۆر لە جیهاندا دیاردەی ڕەگەزپەرستیە، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ژمارەیەك وڵات بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەرامبەر بە پەنابەران، ئەوانەی لە وڵاتە هەژارەکانی جیهان ڕوویان لەو وڵاتە ئەوروپییانە کردوە بە مەبەستی دۆزینەوەی پەناگەیەکی ئارام بۆ خۆیان وخێزانیان دوور لە شەڕو لە برسیەتی [xxix].

4- لە یەکترازانی خێزانی وکۆمەڵایەتی هۆکارێکە بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی دەروونی ولەڕێگە لادان وچوون بەرەو بیری توندرەوی وتیرۆر، بۆیە دەبینین هەرچەندە کۆمەڵگا یەکگرتوو بێت، ئەندامەکانی لەیەکتر نزیك بن، ئەوەندە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا هەست بە بەهێزی دەکەن وپارێزراو دەبن ودوور دەبن لە دزەکردنی بیری نامۆ بۆ ناو ڕیزەکانیان [xxx].

**چوارەم: هۆکارە دەروونی وکەسیەکان**

هۆکارە درەوونی وکەسییەکان دەتوانین لەو چەند خاڵەی خوارەوە دیاری بکەین:

1- شکستە کەسیەکان جا چ شکستی زانستی بن لە بواری خوێندن یاخود شکستی کۆمەڵایەتی وسۆزداری بێت، وا لە مرۆڤ دەکەن کە تووشی هەستکردن بە دۆڕان وونبوون بکەن لە ژیاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕان ودورکەوتنەی ئەو کەسانە لە کۆمەڵگاو زۆر جار کەسە کە خۆی یان لەلایەن گروپە تیرۆریستیەکانەوە سوود لە خراپی باری دەروونی وکەسە وەردەگیردرێت ودەخزرێتە ناو ریزەکانی ئەو گروپانەو لە کاری تیرۆریستیەکاندا بەکار دەهێنرێن [xxxi].

2- حەزی دەرکەوتن وبەناوبانگ بوون زۆرجار کەسەکان وا لێدەکات کە بخزێنە ناو کاری تاوان وتیرۆر، لەڕێگەی ئەو جۆرە کارانە هەوڵی ناوبانگ دەرکردن بدەن.

3- غەریزە و حەزی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگا جیاوازن، دەبینین کەوا کەسانی زۆر هەن هەوڵی ئەنجامدانی کاری باش دەدەن، هەمیشە کار لەسەر یارمەتیدانی خەڵك و دورکەوتنەوە لە هەر کارێك دەکەن کە ببێتە مایەی ئازار بۆ کەسانی دەوروبەریان، بەڵام لە هەمان کاتدا کەسانێکی تر هەن کە حەزی تاوانکردن و ئازاردانی کەسانی دەوروبەر لە ناو خوێنیاندایە، دەبینین ئەو جۆرە کەسانە هەمیشە لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کەسانی تردا بگرە کەسانی زۆر نزیك لە خۆشیان لە ناو خێزانەکانیاندا پەنا بۆ توندوتیژی و تاوان دەبەن، بێگومان ئەم جۆرە ڕەفتارانەش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك کێشە و پالەپەستۆی دەروونین کە ماوەیەکی زۆرە لە ناو دڵ و دەروونی ئەو کەسانەدا پەنگی خواردۆتەوە، لە ڕێگەی ئەو جۆرە ڕەفتارانەدا هەوڵی دەرپڕینیان دەدەن، لە کۆتاییدا جۆرە کەسانێکی شەڕانگێزیان لێدروست دەبێت کە حەز بە خوێن ڕشتن و کاری تیرۆریستی دەکەن.

**2-2-2-1-1-2 هۆکارە تایبەتەکان**

هۆکارە تایبەتیەکان بە پێچەوانەی هۆکارە گشتیەکان، تایبەتن بە تیرۆری ئەلکترۆنی دەتوانرێت لەو چەند خاڵەی خوارەوە دیارییکرێن:

**یەکەم: ئاسانی ئەنجامدانی وکەمی تێچوون**

یەکێك لە تایبەتمەندی تۆڕەکانی زانیاری، ئەوەیە کە ئاسانە بۆ بەکارهێنان، هەروەها لە ڕووی تتێچوونیش بە بەراوورد بە جۆرەکانی تری تیرۆر، تێچوونی کەمە هەروەها پێویستی بە کات وئەرکێکی زۆرنابێت، لە ڕووی تێچوونیشەوە تەنها پێویستی بە ئامێرێکی کۆمپیوتەر کە بەسترابێتەوە بە ئینترنێت لەگەڵ چەند بەرنامەیەکی تایبەت دەبێت [xxxii].

**دووەم: ئاستەمی ئاشکراکردنی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی**

لە تاوانەکانی تیرۆری ئەلکترۆنی، بە تایبەت تاوانی هاککردن، دەبینین بە ئاسانی هەست بە ڕوودانی ئەو جۆرە تاوانانە ناکرێت وپێیان نازانرێت، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ تیرۆرستان تا بە ئاسانی بەڵگەکانی تاوان لە ناوببەن یاخود بیانشارنەوە، لەهەمان کات یەکێکە لەو تاوانانەی کە تاوانبار هەمیشە هیوای ئەوەی هەیە ئاشکرا نەبێت ولە سزادان دەربازی ببێت [xxxiii].

**سێیەم: بوونی بۆشایی یاسایی**

بوونی بۆشایی ڕێکخستنی یاسایی لە هەندێ وڵات، سەبارەت بەتاوانەکانی تیرۆری ئەلکترۆنی، ونەبوونی لایەنێکی بەرپرسی کە کۆنترۆڵی هەموو ئەو بابەتانە بکات کە لەسەر تۆڕە کۆمەڵاتیەکان بڵاودەکرێتەوە، لە هۆکارە سەرەکیەکانی بڵاوبوونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنیە، چونکە هەر کەس بە ئاسانی دەتوانیت بچێتە ناو ئەو تۆڕانە وهەربابەتێك بیەوێت بڵاوی بکاتەوە [xxxiv].

**چوارەم: ئاسانی دەست گەیشتن بە زانیاریەکان**

تۆڕەکانی زانیاری بە شێوەیەك دروستکراون، کە بەردەستن بۆ بەکارهێنان بێ بوونی هیچ جۆرە بەربەست ورێگرێك، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەر بتوانن بچنە ناو ئەو تۆڕانەی زانیاری وبەکاری بهێنن، خاڵێکی تر سەبارەت بەو تۆڕانە ئەوەیە کە خاڵی لاوازو کۆمەڵێك کون وکەلەبەری زۆریان هەیە تیرۆرستان سوودی لێوەردەگرن، بۆ چوونە ناو ژێرخانی زانیاریەکان وئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی [xxxv].

### پێنجەم: نەبوونی سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو

نەبوونی سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو بۆ تۆڕەکانی زانیاری (ئینترنیت)، هەروەها ناڕوونی ناسنامەی بەکارهێنەرەکان، دەرفەتێکی باش دەرەخسێنیت بۆ تیرۆرستان، چونکە تیرۆرستێکی شارەزا لە بواری کۆمپیوتەر دەتوانێت زۆر بە ئاسانی خۆی بە هەر ناسنامەیەك پێشکەش بکات کەخۆی بیەوێت [(xxxvi)].

### 2-1-2 خاسیەتەکانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی وجیاکردنەوەی لە تاوانە هاوشیوەکانی

تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی کۆمەڵێك خاسیەتی هەیە کە تایبەتن بە وتاوانە ودەکرێ لە ڕێگەی ئەم خاسیەتانەوە بناسرێتەوە، بەو هۆیەی لای زۆرێك لە خەڵك تێکەڵبوونێك هەیە لە نێوان دەستەواژەی تیرۆری ئەلکترۆنی و هەندێ لە دەستەواژە هاوشێوەکانی تر، ئەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی بەشێوەیەکی سەرەکی لەو دەستەواژانە جیا دەکاتەوە ئەویش ئەو ڕۆڵەی کە تیرۆری ئەلکترۆنی دەیگێرێت کەخۆی لە کۆنترۆلکردنی دونیای ماددیات لەلایەن تیرۆریستانی تیرۆری ئەلکترۆنیەوە دەبینێتەوە [xxxvii]، هەر بۆیە ئەم تەوەرەی توێژینەوەمان دابەشی سەر دوو لق دەکەین بەو شێوەی خوارەوە:

#### 1-2-1-2 خاسیەتەکانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی

تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی کۆمەڵێك خاسیەت ودیاردەی تایبەتی خۆی هەیە کەتایبەتن بە وتاوانە ودەکرێ لە ڕێگەیانەوە بناسرێتەوە، خاسیەتەکانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی زۆرن بەڵام لێرەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بە هەندێ لە دیارترین ئەو خاسیەتانە بکەین:

##### 1-1-2-1-2 تیرۆری ئەلکترۆنی تاوانێکی سەردەمی ودوور لە توندوتیژییە

تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی یەکێکە لە تاوانە سەردەمیەکان بەهۆی پشت بەستنی بە ئامرازە ئەلکترۆنیەکان وە لە ژینگەیەکی ئارام دوور لە توندوتیژی ڕوودەدات جیاواز لە تیرۆری ئاسایی چونکە بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی تەنها پێویست بە ئامێرێکی کومپیوتەری گرێدراو بە هێڵی ئینتەرنێت وچەند پرۆگرامێکی تایبەت هەیە [xxxviii].

##### 2-1-2-1-2 تیرۆری ئەلکترۆنی تاوانێکی سنوربڕە

تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی لەو تاوانانەیە کە سیفەتی جیهانگیری پێوە دیارە وە بەوە ناسراوە کە تاوانێکی سنوور بەزێنە وناکەوێتە ناو سنووری هیچ وڵاتێك وکیشوەرێکی دیاریکراو، چونکە تاوانەکانی ئینتەرنێت کاتێك ئەنجام دەدرێن کاریگەریەکانی تەنها لەسەر ئەو وڵاتە نابێت کەتێدا ئەنجام دراوە بەڵکو هەموو وڵاتەکانی تر دەگرێتەوە[xxxix].

##### 3-1-2-1-2 ئەستەمی ئاشکراکردنی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی

تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی لەو جۆرە تاوانانە هەژمار دەکرێت کە بە ئەستەم ئاشکرا دەبێت، لەبەرئەوەی ئاشکراکردنی ئەو تاوانە پێویستی بە شارەزایی وپسپۆری هەیە بە تایبەتی لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری کۆمپیوتەر کە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیان بێت کەزۆر جار ئەو لایەنانە ئەو جۆرە شارەزایی وپسپۆریەیان نابێت لەچۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو شێوە تاوانانە[xl]
.

##### 4-1-2-1-2 قورسی سەلماندنی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی

تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی لەو جۆرە تاوانانەیە کە بە ئەستەم دەتوانرێت بسەلمێنرێت کە ئەویش بۆئەوە دەگەرێتەوەکە ئەنجامدەران بە ئاسانی و بە ماوەیەکی زۆر کورت دەتوانن هەرچی بەڵگە هەیە لەناوی ببەن وە ئەمەش وادەکات ئەنجامدەرەکانیش دۆزینەوە وئاشکراکردنیان کارێکی قورس و ئەستەم بێت[xli].

##### 5-1-2-1-2 تایبەتمەندی ئەنجامدەرانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی

یەکێك لەخاسیەتە تایبەتەکانی تیرۆری ئەلکترۆنی ئەوەیە کە ئەنجامدانی ئەوتاوانە پێویستی بە کەسانی بە تواناو شارەزا هەیە لەبواری تەکنەلۆژیای زانیاری وکۆمپیوتردا، وە کۆمەڵێکی زۆر لە تاوانەکانی تیرۆری ئەلکترۆنی لەکاتی ئەنجامدانی لیکۆڵینەوە لەلایەن لێکۆلەرەکاندا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەنجامدەرانی کەسانی شارەزا وپسپۆرن وە یاخود ئەو تیرۆریستانەی تاوانەکەیان ئەنجامداوە لەلایەن کەسانی پسپۆرو شارەزاوە سەرپەرشتی کراون [xlii].

#### 2-2-1-2 جیاکردنەوەی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی لە دەستەواژە هاوشێوەکانی

نزیکیەك وتێکەڵبوونێك هەیە لە نێوان دەستیواژەی تیرۆری ئەلکترۆنی وهەندێ لە دەستەواژەکانی تری هاوشێوە بەڵام ئەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی بەشێوەیەکی سەرەکی لەو دەستەواژانە جیا دەکاتەوە ئەویش ئەو ڕۆڵەی کە تیرۆری ئەلکترۆنی دەیگێرێت کەخۆی لە کۆنترۆلکردنی دونیای مادیات لەلایەن تیرۆریستانی تیرۆری ئەلکترۆنیەوە دەبینێتەوە[xliii].

##### 1-2-2-1-2 جیاکردنەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی وتیرۆری ئاسایی

شتێکی ڕوونە کە هۆی سەرەکی دانانی تیرۆر لەخانەی کردەوە قەدەغەکراوەکان وتاوانەکان خۆی لە بەکارهێنانی توندوتیژی و تۆقاندنەوە دەبینێتەوە بۆمەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس ودڵەڕاوکێ کەئەمەش بێگومان ئامانجی هەموو جۆرەکانی تیرۆرن، لەبەر ئەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی پشتدەبەستێت بە توندوتێژی ئەلکترۆنی ئەویش لەرێگەی بەکارهێنانی بەرنامە وئەپلیکێشنەکانی سەر تۆری ئینتەرنێت،کەواتە دەتوانین ئەوە بڵێین کەتیرۆری ئاسایی هەر تیرۆری ئەلکترۆنیە بەڵام ئەوەی دووەم کۆمپیوتەر بەکار دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی هێرشە تیرۆریستسەکانی لەبری بۆمب وتەقەمەنی و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو، کەواتە جیاوازی نێوانیان خۆی لە شێوازی ئەنجامدانی هێرشەکان دەبینێتەوە[xliv].

### 2-2-2-1-2 جیاکردنەوەی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی وتاوانی ئەلکترۆنی

بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەشێوەیەکی فراوان بەتایبەت دوای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە هاتە کایەوە لەسەرجەم بوارەکانی ژیان بوە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك جۆری نوێی تاوان کە مۆرکێکی ئەلکترۆنیان پێوەبوو[xlv]، بۆ ئەوەی تاوانێك بە تاوانێکی ئەلکترۆنی هەژماربکرێت پێویستە کەوا بەسیستەمی زانیاری یان سیستەمی پەیوەندییە ئەلکترۆنیەکان ئەنجام درابێت، بۆیە دەبینین کەوا لایەنی لەیەکچوونی ئەم دوو تاوانە خۆی لە ئامرازەکانی بەکارهاتوو لەئەنجامدانی تاوانەکە دەبینیتەوە کە ئەویش تەکنەلۆژیای سەردەمییە کەواتە هەردوو تاوانەکە خاوەن سروشتێکی هاوبەشن وە هەردوو تاوانەکە لە تاوانە نوێیەکان هەژماردەکرێن وە سنورێکی جوگرافی دیاریکراویان نیە[xlvi].

### 3-2-2-1-2 جیاکردنەوەی ناوانی تیرۆری ئەلکترۆنی وتاوانی رێکخراو

تاوانی رێکخراو لەو تاوانانەیە کەبەهۆی بەرکەوتنی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بوارەکانی پەیوەندیکردن پێشکەوتن و گەشەکردنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی، بۆیە لە ئێستادا تاوانی رێکخراو بۆتە مایەی هەڕەشە ومەترسی بۆ سەر وولاتان بەگشتی، چ وڵاتی پێشکەوتوو یان تازە پێگەیشتوو بێ جیاوازی[xlvii]، هەرچەندە تاوانی رێکخراو لە تاوانە کۆنەکان هەژماردەکرێت کە پێشتر بە گروپەکان یان چەتەی مافیا دەناسران بەڵام جیاوازی لەگەڵ سەردەمی ئێستامان ئەوەیە کە مەترسیەکانی ڕێژەیی بوون وە تایبەت بوون بەچەند وڵاتێکی دیاریکراو، کەواتە بۆ پێناسەکردنی دەستەواژەی تاوانی رێکخراو دەتوانین ئەوە بڵێین کە بریتیە لەدیاردەیەکی تاوانکاری کە کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی لەپشتەوەیە توندوتیژی وترساندن بەکاردەهێنن بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانیان بەمەبەستی بەدەستهێنانی قازانجی ماددی، بۆیە لەم روانگەیەوە دەتوانین بلێین کە دەکرێ هەموو کارێکی تیرۆریستی بە تاوانێکی ڕێکخراو هەژماربکرێت بەڵام هەموو تاوانێکی ڕێکخراو بە کارێکی تیرۆریستی دانانرێت[xlviii].

## 2-2 گونجاندنی یاسایە تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی وپایەکانی

لەم باسەی توێژینەوەمان تیشك دەخەینە سەر لایەنێکی گرنگی تیرۆری ئەلکترۆنی، کە ریتییە لە گونجاندنی یاسایی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی وپایەکانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی، ئەویش لە دوو تەوەردا:

### 1-2-2 گونجاندنی یاسایی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی

ئەوەی کە ڕوون وئاشکرایە ئەوەیە کە تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی بە یەکێك لە تاوانە ئاڵۆزەکان دادەنرێت، بەو پێیەی تاوانێکە ناتوانرێت بە چاوی ئاسایی ببینرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا تاوانێکە بوونی هەیە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دان بەبوونی دانراوە، بەڵام ئەوەی ئەو تاوانە لە تاوانە ئاساییەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی لە تێگە ئاساییەکەی تاوانە ناسراوەکانی تر دەردەچێت وفراوانترە و پەیوەست نیە بە سنووری وڵاتێکی دیاریکراوەوە[xlix]، هەروەها جیاوازی سیستەمی زانیاری لە نیوان وڵاتان، هەموو ئەو ڕاستیانە مشتومڕێکی زۆری دروستکردوە لە نێوان یاساناسان سەبارەت بەوەی کە ئایا تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی، تاوانێکی نیشتمانیە یان نێودەوڵەتیە؟

### 2-1-2-2 تیرۆری ئەلکترۆنی تاوانیکی نێودەوڵەتیە

هەندێ لە زانایانی یاسای تاوانکاری، پێیانوایە ئەگەر تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی سەرپێچی یاسا نێودەوڵەتیەکانی کرد ئەوا بە تاوێنکی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی بەرپرسیاریەتی تاوانگاری کەسی (المسئولية الجنائية الشخصية)[l]، جا ئەو یاسا نێودەوڵەتیانە چ ئەوانە بن کە لەڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان پێکراوە یاخود لە یاسا عورفییە نێودەوڵەتیەکان(li)، هەروەها تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی بە یەکێك لە دیاردە تاوانکاریەکان دادەنرێت کە سنووری وڵاتێك دەبرێت، کەئەمەش بێگومان دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەرماف و ئازادیە سەرەکیەکانی مرۆڤ، لە هەمان کات هەڕەشەیە بۆ سەر ژێرخانی وڵاتان کە دەرئەنجام دەبێتە هۆکاری ڕوودانی گۆرانکاری مەترسیدار لە بارودۆخە نێودەوڵەتییەکان[lii]، وە بۆ ئەوەی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی سیفەتی نێودەوڵەتی وەربگرێت، پێویستی بە بوونی چەند مەرجێکی تایبەت هەیە [liii]، کە ئەمانەن:

1- تاوانەکە پێویستە لە چوارچێوەی سنوری نیشتمانی وڵاتێك دەرچێت وسنوری ئەو وڵاتە ببرێت، چ بە نیسبەت تاوانبارەکان یان سەبارەت بەو ئامرازانەی کە لە تاوانەکە بەکار هاتوون، یاخود ئامانجەکانی پشت تاوانەکە، واتا تاوانەکە بە هەموو دیاردەکانیەوە پێویستە تەنها لە سنووری وڵاتێکدا نەبێت.
2- تاوانەکە لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە ئەنجامدرابێت، هەروەها زەرەرو وزیانەکانی ئەوەندە زۆر بن کە لە ئاستی ئاسایی تێ بپەڕێت، بۆ ئەوەی سیفەت وخلسیەتێکی تیرۆری بەو تاوانە بدات، ببێتە تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی نەوەك تەنها لە دژی کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراوبێت.
3- پێویستە تاوانەکە بە پاڵپشتی ئەو دەوڵەتە بێت کە تاوانبارەکە لەسەر خاکەکەیەتی، یاخود بە پاڵپشتی وڵاتێکی تری بیانی بێت، کە ئەمەش لە ڕێکەوتننامەی سزادانی تایبەت بە هاوکاریکردنی ماددی (تمویل)ی تیرۆر دا هاتوە.
4- پێویستە ئەو تاوانەی تیرۆری ئەلکترۆنی لە لە هەمانکاتدا، ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ وڵاتەکە وبۆ سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

### 3-1-2-2 تیرۆری ئەلکترۆنی تاوانیکی نیشتمانیە

یاسادانەری عێراقی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی وەکو تاوانێکی تاوانکاری سەربەخۆ دەبینێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی هەموو ڕە هەندەکانی تاوانی تێدا هەیە، هەروەها یاسادانەری عێراقی کاتێك یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆری ژمارە (13) ساڵی (2005) ی دەرکرد، کە تێیدا لە ناو دەقەکانی ئەو یاسایەدا ئەو کارانەی دیاریکردن کە بە کاری تیرۆری دادەنرێت (liv)، لە هەمانکاتدا سزای ئەنجامدانی هەر کارێك لەو کارە تیرۆرستیانە دیاریکرد [lv]. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی لە بازنەی تاوانە تاوانکاریەکانی دادەنرێت، یان تەنها بریتیە لە بارودۆخێکی توند (ظرف مشدد)؟

بێگومان بەهۆی ئەو زەرەرە گەورەیەی کە تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی دەیگەیەنێت بە ژێرخانی وڵات، ئەو قوربانیانەی دەیان کەوێنێتەوە لەگەڵ ئەو ئامرازو شێوازانەی بەکاریان دەهێنێت، لەگەڵ جۆری ئەو ئامانجانەی کاریان بۆ دەکات، تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی تاوانێکی تەواوە و لە بەردەم مەترسیداری ئەو تاوانە دەبینین، کەتیرۆری ئەلکترۆنی دەکەوێتە ژێرسیستەمێکی ڕێوشوێنی

تایبەت کە تێیدا ڕەچاوی گەورەیی تاوانەکە و ڕەهەندەکانی دەکرێت، بە تایبەت ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە حاڵەتی گەر کاریگەریەکانی لە سنوری وڵاتێك دەرچوو[lvi]، بەوپێیەی لەو دوو بڕگەیە باسمان کرد، دەردەکەوێت کە تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی تاوانێکی نێودەوڵەتیە بە هۆی ئەوەی سنوور بەزێنە و بۆئەنجامدانی تاوانەکە ئامرازی تەکنەلۆژی سەردەمیانە بەکاردێت، و لە ڕێگەی تۆڕی زانیارییەوە (ئینتەرنێت ) ئەنجامدەدرێت.

**2-2-2 پایەکانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی**

وەکو هەر تاوانێکی تر، تیرۆری ئەلکترۆنی لە چەند پایەیەك پێکهاتوە کە ئەوانیش پایەی مادديیە کە خۆی لەو هەڵسوکەوتە دەبینێتەوە تاوانبار لە کاتی تاوانەکە ئەنجامی دەدات، دووەمیان مەعنەویە کە خۆی لە ئاراستەکردنی ویستی تاوانبار دەبینێتەوە، بە ئاراستەی پایە مادیەکەی تاوان، ئەم دوو پایەی سەرەوە کە باسمان کرد لە نێوان تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی وتاوانەکانی تردا هاوبەشن، بەڵام بێجگە لەم دوو پایە تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی پێویستی بە بوونی پایەیەکی تر دەبێت کە ئەویش پایەی تایبەتە، یاسادانەر بوونی ئەو پایەی کردۆتە مەرج بۆئەوەی تاوانەکە ببێـە تاوانێکی تیرۆرستی، کە خۆی لە بوونی پرۆژەیەکی تاوانکاری(مشروع اجرامی) لە لایەن تاوانبارەوە دەبینێتەوە، بۆیە هەوڵ دەدەین لە سێ بڕگەدا باس لەو سێ پایەیە بکەین:

**1-2-2-2 پایەی ماددی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی**

پایەی ماددی ئەو هەڵسوکەوتەیە کە تاوانبار ئەنجامی دەدات، کە لە وانەیە ئەو هەڵسوکەوتە ئەرێنی بێت واتە کردار (فعل) بێت یاخود نەرێنی کە پێیدەوترێت نەکردن (الامتناع)، وە لە ئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتە شتێك پێکدێت کە بریتییە لە دەستدرێژی کردنە سەر بەرژەوەندییەك یان مافێك کە یاسا دەیپارێزێت[lvii]،بە شێوەیەکی گشتی پایەی مادی هەموو ئەو لایەنە مادیانە دەگرێتەوە کە تاوانەکەی لەسەر دا دروست دەبێت، کە لە چوارچێوەی دەرەوەیدا تاوانبار و تاوانلێکراو بوونی هەیە، کەواتە یاسا سزای هیچ کەسێك نادات لەسەر نیەتی خراپ لە دژی کەسێك بەڵکو دەبێ ئەو خراپەیە خۆی لە قەوارەیەك ببینێتەوە کە سروشتێکی ماددی بەرجەستەکراوی هەبێت، بۆیە، بە گوێرەی ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد، هیچ تاوانێك بەبێ پایەی مادیەوە دروست نابێت، بەڵکو پایەی مادی مەرجی سەرەکی دەستپێکردنی تاوانە، بەواتایەکی تر پایەی ماددی ئەو هەڵسوکەوتەیە کە پێویستە دەقێکی یاسایی قەدەغەی بکات، کە ئەمەشیان پایەیێکی گشتیە لە هەموو تاوانەکاندا، بۆیە پایەی ماددی هەر تاوانێك لەم چەند توخمە سەرەکیە پێکدێت:

**1-هەڵسوکەوتی ماددی:**

هەڵسوکەوت بە واتا یاساییەکەی واتە کردار، کەواتە هەموو کردارێکە کە یاسا قەدەغەی کردبێت جا کردارەکە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، کەواتە هەڵسوکەوت بریتیە لە هەموو جۆرە چالاکیەك کە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێ، بە توخمی یەکەمی پایەی ماددی هەر تاوانێك دادەنرێت[lviii]، بۆیە یاسادانەر هەمیشە بابەتی کاری تیرۆریستی بەهەند داناوە لەبەرئەوەی هەڕەشە بە لێدانی بەرژەوەندییە پارێزراوەکان دەکات، ئەو هەڵسوکەوتەی یاسادانەر پشتی پێدەبەستێت بریتییە لەو هەڵسوکەوتەی کە کەسێك ئەنجامی دەدات و دەردەکەوێت بۆ جیهانی دەرەوە بە دەرکەوتنێکی ماددی بەرجەستەکراو کە پێچەوانەی فەرمانەکانی یاسادانەر دەبێت، بەهۆی ئەوەی ئەنجامی ئەو کردەوانە ئەوە پیشان دەدات، کە ئایا کارەکە تیرۆرستییە یان نا بۆیە چەندە زەرەرو زیانی ئەو کارە زۆر ویرانکەر بوو ئەوا کارێکی تیرۆرستییە، بێ گوێدانە پاڵنەرەکانی تاوانبار[lix].

**2-پەیوەندی هۆکاری (العلاقة السببية):**

هەستانی تاوانبار بە ئەنجامدانی ئەو هەڵسوکەوتە تاوانکاریەی تاوانەکە پێکدەهێنێت، بەتەنها بەس نییە بۆ ئەوەی تاوانەکە بدرێتە پاڵ تاوانبارەکە، بەڵکو پێویستی بەهەبوونی هۆکار یان پەیوەندی هەیە کە ئەم دوو ڕەگەزەی پایەی ماددی تاوان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی بێتەدی [lx].

**2-2-2-2 پایەی مەعنەوی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی**

ئەگەر تاوان بە شێوەیەکی گشتی لە سەر پایەی مەعنەوی دروست بێت، کە خۆی لە بوونی هەریەك لە زانین و ئیرادە دەبینێتەوە (العلم والارادة)، ئەوا لە تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی بوونی مەبەستی گشتی (القصد العام) بەس نیە بۆ ئەوەی تاوانەکە رووبدات، بە واتایەکی تر بە تەنها زانینی کەسی ئەنجامدەر بەوەی کە ئەو هەڵسوکەوتەی ئەنجامی دەدات هەڵسوکەوتێکی تاوانییە، لە هەمانکات ئیرادەی ئەنجامدانی تاوانەکەشی هەبێت، هێشتا نابێتە هۆی ڕوودانی تاوانەکە بەڵکو لەگەڵ بوونی مەبەستی گشتی (القصد العام) پێویستە مەبەستی تایبەتی (القصد الخاص)یش هەبێت.

ئەم مەبەستە تایبەتە بە واتای ئامرازی بەکارهاتوو لە تاوانە تیرۆریستیەکە دێت، چونکە پێویستە کەسی ئەنجامدەر کاتێك هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری ویستی ئەوەی هەبێت کە یەکێك لەو مەبەستانە بکەوێنێت یان هەڕەشەی ئەنجامدانیان بکات کە لە دەقەکانی بە تاوانکردن (التجریم) دا هاتوون [lxi]، بۆیە بەگوێرەی بڕگەکانی بیردۆزی گشتی تاوان، ئەگەر پایەی ماددی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی بریتی بێت لە هەڵسوکەوتێکی دەرەکی بەرجەستەکراو (محسوس) بۆ کرداری پێکهێنەری تاوان، ئەوا پایەی مەعنەوی بریتی دەبێت لە ڕەگەزی دەروونی هەڵسوکەوتەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی پەیوەندیەکی دەروونی نێوان کردارەکە وویست وئیرادەی ئەنجامدەر، ئەم پەیوەندییە پێیدەوترێت پایەی معنوی [lxii].

**3-2-2-2 پایەی تایبەتی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی**

سەبارەت بە پایەی تایبەتی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی ئەوە بەدیدەکرێت ئەوەیە، کە یاسای نێودەوڵەتی بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو پایەی نەکردووە وفەرامۆشی کردوە، وە لە هیچ کام لە دەستەواژە نەرێتییەکان (عورفی) یان ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان باسی لێوە نەکراوە، بەڵکو ئەم بابەتەیان بۆ یاسا تایبەتیەکانی وڵاتان جێهێشتووە، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین کە یاسای تایبەتی یەك لە وڵاتان، کە عێراقە بە نموونە وەربگرین، هەرچەندە یاسادانەری عێراقی پایەی تایبەتی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی بە شێوەیەکی تایبەت و ڕاستەخۆ ئاماژە پێنەکردووە، کاتێك لە ماددەی (1) ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراقی پێناسەی کردووە، بەڵام لە بڕگەی (أ) لە مادده (2) ئەو یاسایە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسیکردوە، کاتێك پێناسەی پایەی تایبەتی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی کردوە بەوەی، بریتیە لە توندوتیژی و هەڕەشەکردن کە ئامانج لێی خستنەوەی ترس و دڵە ڕاوکێیە لە ناو خەڵکدا کە رووەدات لە ئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی تیرۆرستی ڕێکخراو، کەسی بێت یان کۆمەڵ[lxiii] .

**3-2-2 دیاردەکانی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی**

### 1-3-2-2 ئاڵوگۆرکردنی زانیاری تیرۆریستی

پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا وئینترنێت وەك چۆن خزمەتی بە تیرۆرستان کردووە و کارەکانی ئاسانترکردوون، لە هەمان کات زیانی پێگەیاندوون و تەنگی پێهەڵچنیون، بۆیە دەبینین بەهۆی ئەو ڕێوشوێنانەی لەلایەن وڵاتانەوە گراونەتەبەر لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا پێشکەوتوەکان بۆ چاودێری و بەدواداچوونی تیرۆرستان، وایکردوە لە ئێستادا تیرۆرستان نەتوانن کۆبونەوەو چاوپێکەوتنەکانیان ئەنجام بدەن، بۆیە بژاردەی پێگە ئەلکترۆنیەکان بە باشترین چارەسەر دادەنرێت لەڕووی کەمی تێچوون، هەروەها برێکی باش نهێنی تێدایە بە تایبەت کاتێك بابەتەکە پەیوەندی بەهەندێ زانیاری نهێنی و هەستیارەوە دەبێت، بۆیە لە ئێستادا دروستکردنی پێگە و مەکۆو ژووری چاتکردنی ئەلکترۆنی باشترین ئامرازێکن کە تیرۆرستان بە مەبەستی  ئاڵوگۆری زانیاری و گفتۆگۆکردن بەکاری بێنن(lxiv).

### 2-3-2-2 دروستکردنی پێگەی تیرۆریستی ئەلکترۆنی

تیرۆرستان چەندین پێگەیان لەسەر تۆرەکانی ئینترنێت دروست کردووە بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەرە توندڕەوەکانیان وبانگێشەکردن بۆ فەلفەسە وئایدۆلۆژیایان، هەروەها بۆ پیشاندان ودەرخستنی هێزو توانای گروپ ورێکخراوەکانیان وجۆشداری خەلك وراکێشانی ئەندامی نوێ بۆ ناو ڕیزەکانیان، وناردنی ڕێنمایی بۆ ئەندام ولایەنگرەکانیان لە سەرانسەری جیهاندا، ومەشق پێکردنی ئەلکترۆنی لە ڕێگەی فێرکردنی شێواز ورێکاکانی ئەنجامدانی کردەوە تیرۆرستییەکان، تیرۆرستان شێوازی بوونیان لەناو تۆرەکانی ئینترنێت بەشێوەیەکی چرو هەمەچەشنە بۆئەوەی هەرکاتێك یەکێك لەو پێگانە ئاشکرابوو، شێوازی دەرکەوتنی خۆی بگۆرێت پاش ئەوەی بۆ ماوەیەك ئەو پێگەیە وون دەبێت و دواتر دەردەکەوێتەوە بە دیزاین وناونیشانی تازەوە، بۆیە دەبینین هەندێ گروپی تیرۆرستی خاوەنی هەزاران پێگەی ئەلکترۆنین، ئەویش بۆ مەبەستی زوو بلاوکردنەوە و فراوان بوون یاخود بۆ ئەوەی ئەگەر هەندێ لەو پێگانە داخران یان وێران کران ئەوانی تر بتوانن بەردەوامی بە چالاکیەکانیان بدەن .(lxv)

### 3-3-2-2 لەناوبردنی پێگە وسیستەمەکانی زانیاری

مەبەستێکی تری بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینترنیت لە لایەن تیرۆرستانەوە، بریتییە لە ئەنجامدانی هێرشی ئەلکترۆنی بۆ تێکدان و وێرانکردنی پێگە و زانیاریە ئەلکترۆنی و سیستەمەکانی زانیاری دامودەزگا حکومیەکان بە تایبەت دەزگا ئەمنیەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانجی تیرۆرستان لە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە خۆی لە سێ جۆرئامانج دەبینێتەوە، ئەوانیش ئامانجی سەربازی وسیاسی وئابوورییە (lxvi)، لێرەدا مەبەستمان لە ئەنجامدانی هێرشی ئەلکترۆنی بریتییە لە چوونە ناوی نایاسایی لە خاڵێکی سەرەکی یان لاوەکی لە ڕێگەی کۆمەڵە سیستەمێکی گرێدراو بە تۆڕەکانی ئینترنیت، ئەویش بە ئامانجی وێرانکردنی ئەو خاڵەی پەیوەندی یان سیستەمی (lxvii).

### 4-3-2-2 هەڕەشە وتۆقاندنی ئەلکترۆنی

سەرەتا پێویستە بزانرێت مەبەست لە هەڕەشەکردن وتۆقاندن (التهديد والترويع) چیە، هەندێ لە زانایان و یاسا ناسان پێناسەی دەکەن، کە بریتییە لەو کردارەی کەسێك ئەنجامی دەدات بۆ ئاگادارکردنەوەی کەسێکی تر لە و مەترسیەی کەدەیەوێ بیگەیەنێت بەو کەسە یان بەماڵەکەی(lxviii)، یان هەندێکی تر پێناسەیان کردوە کە بریتیە، لەناردنی دەستەواژەیەك بۆ کەسی تاوان لێکراو بە شێوەیەکی ئەنقەست(العمد) کەدەبێتە مایەی دروستکردنی ترس لای ئەو کەسە، لەرێگەی ئەنجامدانی تاوانێك یاخود درکاندنی نهێنییەك، یاخود هەر بابەتێکی تری پەیوەست بە ڕووشاندنی ئابڕوو و شەرەفی ئینسانەکان، بە ڕێگایەك کە یاسا سزای لەسەر دانابێت(lxix)، بەلام سەبارەت بە تۆقاندن (الترويع) بریتیە لە ترساندنی کەسی تاوان لێکراو ودروستکردنی ترس و تۆقاندن لەناو دڵی، ئەویش لە ڕێگەی پەیمان دان بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی دیاریکراوی شەرانگێزی لە دژی  خۆی یاخود لە دژی سامان و ماڵەکەی(lxx).

### 5-3-2-2 سیخوریکردنی ئەلکترۆنی

سیخوریکردن،  یەکێکی ترە لەو مەبەستانەی کە تیرۆرستان تۆرەکانی ئینترنێتی بۆ بەکاردێنن، گروپە تیرۆرستیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی سیخوری لەسەر کەس وولات ودامودەزگا ورێکخراوە نێودەولەتی ونیشتیمانیەکان دەکەن، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی زانیاری وسیستەمە ئەلکترۆنیەکان، سیخوریکردنی گروپە تیرۆرستییەکان خۆی لەسێ ئامانجی سەرەکی دەبینێتەوە کە ئامانجی سەربازی وسیاسی وئابوورییە (lxxi)، سیخوریکردنی ئەلکترۆنی بە چەند شێوازێك ئەنجام دەدرێت لەوانە لە ڕێگەی (ئیمیل)، ئەویش بە ناردنی نامەیەکی ئەلکترۆنی کە سەرچاوەکەی نادیاربێت بۆ کەسی بەئامانج کراو، تەنها بە کردنەوەی نامەکە لەلایەن کەسە بە ئامانجکراوەکە ئەوا لە ڕێگەی ئەو نامەوە دەتوانن بچینە ناو داتاکان وسیستەمی زانیاری کەسەکە.

## 3. هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاوانی تیرۆری ئەلکترۆنی

بەشێوەیەکی گشتی هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ بەرەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی چەند ئاستێکی هەمەجۆری بە خۆیەوە بینیوە، کە دەتوانین لەو چەند خاڵەی خوارەوە دیاریان بکەین:

### 1-3 هەوڵەکان لەسەر ئاستی وولاتان

بۆ تیشك خستنە سەرهەوڵەکانی وڵاتان لەبواری بەرەنگاربونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی، لەم تەوەرەماندا ئاماژە بە ژمارەیەك وولاتی رۆژئاوایی وهەرێمی وعەرەبی دەدەین کە ڕۆڵیان هەبوە لە هەوڵەکانی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر بە گشتی وتیرۆری ئەلکترۆنی بە تایبەتی لە سەر ئاستی جیهاندا[lxxii].

### 1-1-3 هەوڵەکان لەسەر ئاستی وولاتە رۆژئاواییەکان

لەم بەشەی توێژینەوەمان ئاماژە بە هەوڵەکانی هەندێ وڵاتی رۆژئاوایی دەدەین کە ڕۆڵی گرنگیان هەبوە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی چ لەڕێگەی یاساکانی سزادانیان وە یان لەرێگەی دەرکردنی یاسای تایبەت بە بەرنگاربوونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی.

#### 1-1-1-3 فەرەنسا

فەرەنسا یەکێك بوو لەو وولاتانەی هەرزوو خۆيان ئامادەكرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەلیکترۆنی، بەشێوەیەك نموونەی فەرەنسا لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆبوو بەیەکێك لە گرنگترین تاقیکردنەوەکان لەسەر ئاستی ئەوروپا دادەنرێت کە زۆر لە وولاتانی تر هەوڵی لاسایی کردنەوەيان دا، یاسا دانەری فەرەنسی یاسای ژمارە 88/19 ی ساڵی (1988) دەرکرد کەتایبەت بوو بە تاوانەکان زانیاری و ئازادیەکان وە لەساڵی (1993) ئەم یاسایە کۆمەڵێك هەمواری تێداکرا بەمەبەستی بەدەستهێنانی توانای زیاتر لە بوواری بەرەنگاربونەوەی تیرۆردا [lxxiii]، لەساڵی(2009) حکومەتی فەرەنسا یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری دەرکرد کە بەگوێرەی ئەو یاسایە رێگا دەدرێت بە چاودێری کردنی پەیوەندی و ئینتەرنێت وچاندنی کامێرەکانی چاودێری لە شوێنە گشتیەکاندا و ڕاوەدوونان وبەدواداچوونی هەر هاوڵاتیەکی فەڕەنسی کە گەشتی دەرەوەی فەرەنسا بکات ۆ مەبەستی وەرگرتنی مەشق و ڕاهێنان لەسەر کردەوە تیرۆریستیەکان، هەتا ئەگەر ئەو کەسەش هیچ جۆرە کارێکی نایاسایی لەناو فەرەنسا ئەنجام نەدابێت، لەو حاڵەتەدا ئەوکەسە بەتۆمەتی دروستکردنی دەستەیەکی تاوانکاری بە مەبەستی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی تۆمەتبار دەکرێ  کە سزاکەی بەندکردنە بۆ ماوەی (10) ساڵ و سزادانی مادی یە بە بڕی (225) یۆرۆ.

لە ساڵی (2014) فەرەنسا کۆمەڵێك هەمواری لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئەنجامدا، بەمەستی ڕێگەگرتن لەهاووڵاتیە فەرەنسیەکان بۆ گەشتکردن بۆ سوریا وپەیوەندیکردن بەگروپی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) کە تائە وکات سەدان هاووڵاتی فەرەنسی لەناو ریزەکانی ئەو گروپە بوون، هەروەها بریاری لێوەرگرتنەوەی پاسپۆرت و ناسنامەی فەرەنسی لەوکەسانەش درا کە ماوەی شەش مانگ تا دووساڵیان لەناو ریزەکانی ئەوگروپە بەسەربردبوو، وەڕێگەنەدانیان بە گەرانەوە بۆ فەرەنسا جارێکی تر، یەکێکی ترلەو گۆرانکاریانەی لەو یاسایەدا کرا بریتی بوو لە هەڵسانی دەزگا ئەمنیەکانی فەرەنسا بەچاودێریکردنی ئەو پێگانەی کەوابیری توندرەوی بڵاودەکەنەوە.

#### 2-1-1-3 ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە وولاتە پێشەنگەکانی بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆربەگشتی وتیرۆری ئەلکترۆنی دادەنرێت، ئەویش بە هۆی یاسا نیشتمانیەکەی وهەوڵە بەردەوامەکانی بۆ ڕێکخستن وبەستنی کۆنگرەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە بواری بەرەنگاربونەوەی تیرۆری ئەلکترۆنی، بەتایبەتیش لە دوای هێرشە تیرۆریستیەکانی 11ی سێپتەمبەری ساڵی(2001) ی سەر ئەمریکا[lxxiv].

